# ئەی ئەهلی قورئان، (نوێژی) ویتر ئەنجامبدەن؛ خوای گەورە ویترە (تاکە)، و ویتری (تاکی) خۆشدەوێت

لە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«ئەی ئەهلی قورئان، (نوێژی) ویتر ئەنجامبدەن؛ خوای گەورە ویترە (تاکە)، و ویتری (تاکی) خۆشدەوێت».
[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا فەرمانکراوە بە هاوەڵان وئەهلی قورئان؛ بەوەی نوێژی ویتر ئەنجامبدەن، چونکە خوای گەورە تاکە (ویترە) لە زاتی مەزنیدا ولە سیفات وکردەوەکانیدا وتاکی (ویتری) خۆشدەوێت. مەبەست لە ئەهلی قورئان: ئەوانەیە کە باوەڕیان بە قورئان هەیە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوەی دەیخوێنێتەوە وئەوەیشی کە نایخوێنێتەوە، ئەگەرچیش فەرموودەکە زیاتر سەبارەت بە ئەوانەیە کە دەیخوێننەوە و لەبەری دەکەن، وخەتابی دەڵێت: مەبەست ئەوانەیە کە دەیخوێننەوە و لەبەری دەکەن، بەتایبەت باسی ئەوان کراوە، چونکە ڕێز وپلەپایەی تایبەتیان هەیە وئاماژەیە بۆ گرنگی پێدانیان، بۆیە پێویستە هاوەڵان وئەهلی قورئان گرنگی بە نوێژی ویتر بدەن، ئەگەرچیش لە هەموو مسوڵمانێک داواکراوە کە نوێژی ویتر ئەنجامبدات، بەڵام ئەهلی قورئان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لەسەر خەڵکی تر، چونکە ئەوانە نمونە و(قدوە)ن بۆ خەڵکی، چونکە زانستیان هەیە کە هاندەرەوە بۆ پەرستنەکان وکردەوە چاکەکان لەکاتێکدا خەڵکی تر ئەم زانستەیان نییە، بۆیە شایستەترە فەرمان بە ئەوان بکرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11271